# باوانم، حەمید کەشکۆلی

# پارێزەری بێ پسووڵەی مەلا کرێکار

رزگار شەیبان

(ئازاد هەڵەبجەیی)

پەنجەرەی نوسینەکەت لە راستیدا بانگەوازەکەت بۆ ئازادکردنی مەلا کرێکار ئەوەندە درز و کون و پەڵەی جوراو جوری تیدایە کە نەك بۆ کەسێك ببیەوێت وەلامت پێبداتەوە بەلکو بۆ خوێنەرێکی سەرپێیی نێتیش، زۆر ئاستەمە بە ئاسانی ژووری ناوەوەی نووسینەکەت ببینێت و بزانێت بەکام چاو، بارگەی نووسینەکەت تەماشا کات... بەلام گرنگ نییە هەموو مالێك بێ چوونە ژوورەوەش هەر دەتوانیت بە سیمای پەنجەرە و دەرگا و دیواردا بزانیت کێ بارگەی لێهەلخستووە. وەك مەکسیکیەکان دەلێن پێش چوونە ژوورەوەت سەیرێکی سیمای ئەسپ و سەگەکانیان بکە. راستی کاتێك منیش سەیری سیمای ناو و وێنەکانی بەردەرگای نووسینەکەتم کرد زۆر شتم بۆ روون بوویەوە، بۆ یە یەکسەر دەمەوێت بدەم لە دەرگای ناوەرۆکی بیری نووسینەکەت. ئەم وەلامەشم تەنها لەبەر ئەوە نییە کە لە گۆشەیەکی نووسینەکەتدا من و رێبوار ئەحمەدت تاوانبار کردووە بە خۆشباوەربوون بە ئیمپریالیست، چوونکە من ئەوە هەر پێویستم بە خۆپاکردنەوە لەو تاوانبارکردنە نیە، وە بە دڵنیایەوە رێبوار ئەحمەدیش هیچ پێوویستی بەوە نییە. ئەوەی کە پێوویستە باسی بکەم و بیلێم ئاشکراکردنی قوربانیەکانی دنیای دوای ١١. سیپتامبەرە، ئەو قوربانیانەی کە چوونە پاڵ بەرەیەك، و رێگا و ئالتەرناتیفی بەرگری لە مرۆڤیانەیان رەتکردەوە. . . هەرچەندە من راستی دەشزانم کە تۆ سونەت و تراديشۆنێکی تایبەت بە خۆتت هەیە لە نووسیندا و تیخی پیلی کۆمپیتەرەکەت هەمیشە لە دژی کۆمۆنیستەکان و بیری پێشکەوتووخواز بووە. بەلام باوانم با بزانین کێ خۆشباوەرە و کێ چووتە پال بەرەیەکی تیرۆرستی و کێ تەسلیم بە سیاسەتی ئیمپریالیستی بووە، و کێ خەریکە بە نرخی هاوولاتیی بوون، تاوانبار و مرۆڤ کوژ پاکدەکاتەوە و پاکانە بۆ نوێنەری تاوانبارترین کەسی ئیسلامییە سیاسیەکانی کوردستان دەکات. وە ئەوە کێ یە خەریکە بەنرخی جامانە و جلە کوردیەکانی مەلا کرێکار ئامادەیە هەموو کۆمەڵگای کوردستان تەسلیم بە ئاگر و تێزاب و سەرکوتی چاخی قورەیشیەکان بکات. ئاخر تۆ باوانم ئەگەر پارێزەر یان محامی یان بەقەولی خۆت ئاووقاتی پسووڵەدار بوویتایە، پێوویستم نەبوو وەلامت بدەمەوە، و بگرە بە مافی خۆتم دەزانی کە بتوانیت کارەکەت باشتر بکەیت و پارەیەکی باشت دەست کەوێت، و هیچ قەیدیشی نەدەکرد. . . بـــەلام. . .

<u>١١ سیپتامبەر و دووبەرە</u>: رووداوی ئەورۆژە گەورەترین فرسەت بوو بۆ دابەشکردنەوەی جیهان بەسەر دووبەرەی تیرۆرستی ئیسلامییە سیاسیەکان و تیرۆرستی دەولەتی و میلیتاریستی ئەمریکی، تیوری دابەشکردنی جیهان بەسەر ئەو دوو بەرەدا، رێك سیاسەتێکی ئیمپریالیستی و بلۆك بەندی ئەمریکایە، کە چەندان ساڵە رەوەندی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی ئەمریکا دیاری دەکات و هێزی سەرکێشی و تەك ژاندارمبوونی بە ئەمریکا بەخشیوە. سیاسەتی دابەشکردن و بلۆك بەندی ئەمریکا نە زۆر تازەیە و نە سیاسەتێکە کە پێچ و نارەحەت بێت بۆ تێگەشتن لێی. بەلام ئەوەی کە تازەیە و رەووشێکی تازە خەریکە بە جیهان دەبەخشێت قوربانی زیاترە لە مرۆڤایەتی، بەتایبەت ئەم قوربانیە بلاوتر و فراوانترە لە ناو هێزی چەپ و خەلکی رۆشنبیر و دژی بەرەی ئیمپریالیستی ئەمریکا و چوونە پشتی ئەوانە لە بەرەی ئیسلامی. بە بروای ئەوان بەرەی دژی ئیمپریالیست بەهێزتر دەبێت. بەکورتی تەسلیم بوونی ناراستەوخۆ بە سیاسەتی ئیمپریالیستییە کە زۆر ئاشکراش ئەو سیاسەتە لە لایەن جورج. وو. بووشەوە راگەیاندرا کە دنیا دوو بەرەیە: یان ئێمە یان ئەوان. . . بەپێچەوانەی مێژووی بلۆك بەندیەکانی پێشوو کە قوربانیەکانی کەمتر چەپ و خەلکی پێشکەوتووخواز بوون، بیجگە شیوعیە پرۆ رووسیەکان خەلکێکی زۆر لە جیهاندا ئەوکات قووربانی ئەو سیاسەتە و ماشێنی پرووپاگەندەی بلۆکی رۆژهەلات و بەتایبەت رۆژئاوا بوون. بـــەلام خۆشحالانە بەرەی پێشکەووتووخواز و رێگای سێیەم و



www.kurdistannet.org

ڕێگای مودێرنیستی دنیای ئەمڕۆ ڕووبەڕێکی زۆر گەورەی لە مرۆڤایەتی درووست کردووە، بەرەی دژی هەردوو بەرەی تیرۆرست، لە دنیای ئەمڕۆدا بەگشتی زۆرن لە مرۆڤایەتی کە نایانەوێت دنیا بەلای هیچ بەرەیەکی تیرۆرستیدا بچەرخێت. وە ئەم بەرەی سێیەمە هەر ڕۆژ بەهێزتر و ڕێکخراوتردەبێت. کاردانەوەکەشی بە ئاشکرا دیارە لە هەموو ڕووی دنیادا. . . من نامەوێت بچمە ناو ووردەکاری ئەوەوە بەلام هەرنمونەی ئەوە کە نە سەرانی میلیتارستی بەرەی ئەمریکا بەئاسانی ئەتوانن نمایشی سیاسی خۆیان بەبێ ڕووبەروو بوونەوەی خەلك بکەن. وە نە بەرەی ئیسلامییە سیاسیەکان ئەتوانن بەئاشکرا و بەئاسانی ئەوکارە بکەن بەبێ ڕووبەرووبوونەوەی و کێشە لە گەل خەلکی پێشکەوتووخواز و بەرەی سێیەم. بەکورتی چەپ و بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی دوای ١١. سیپتامبەر یان دەبووایە ڕێگای سێیەم هەلبژێرن یان ئەوا زۆربەیان بوونە قوربانی و کەووتنە لاوە و بێکاریگەر مانەوە لە ڕووی سیاسیەوە بەسەر دنیای ئەمڕۆدا.

بەلام ئەوەی کە حەمید کەشکۆلی لە و هاوکێشە جیادەکاتەوە، لە کێشەی گرتنی مەلا کرێکار دا، ناوەرۆکی دژی ئیمپریالیستی، یان ناوەرۆکی توندرەوی و شۆرشگێرانە و بەزەیی و بەرگری لە مافی گەلانی جیهانی ژێر دەسەلاتی ئیمپریالیزم نییە، ئەوەی کە حەمید کەشکۆلی وادار کردووە بڕواتە ئەو بەرەیەوە، هاوولاتی بوونی حەمید کەشکۆلیە لەگەل مەلا کرێکاردا. ئەوەش ڕوونە تیوری هاوولاتی بوونی مەلا کرێکار کە حەمید کەشکۆلی تەنانەت داوای شەهامەتی "حکومەتی" کوردستان دەکات بۆ لێپرسینەوە لەو هاوولاتییە لێقەوماوەی خۆی، چەند لە ناو خەلکی کوردستاندا و تەنانەت کوردەکانی ئەورووپا بێ باوە وبێ مانایە. حەمید کەشکۆلی بە هەموو ئەو مرۆڤانەی کە بەکوردی قسە دەکەن ڕازی نییە و خەریکە هەموو خەلکی وولاتانی جیهانی سێیەم تاوانبار دەکات بە ئیسلام و بانگەوازیان دەکات بۆ تەواوکردنی فتوای ئیسلامییەکان لە دژی خەلکی ئەورووپا و فەرهەنگی ئەورووپا، یان خەریکە ئاگری زیاتر خۆش دەکات و خەلکی زیاتر بانگەواز دەکات بۆ کۆبوونەوە لە دەووری سیاسەتی چەنگی سەلیبی و ئیسلامییەکە کە فتواکەی سەرانی میلیتاریزمی ئەمریکا ڕایانگەیاند. بــەلام بابزانین:

<u>تاقمە ئیسلامییەکانی کوردستان</u>: مێژووی سەرهەلدانی تاقمە ئیسلامییە سیاسیەکانی کوردستان پەیوەندی بە بن لادن و دوای ١١. سیپتامبەرەوە نییە، پەیوەندی بە دژایەتی ئەوان لە گەل ئیمپریالیزم نییە. بەلکو لەگەل سەرکوتی شۆڕشی سالی ١٩٧٩ ی خەلکی ئێران و بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی ئیسلامییەکان و تێکشکاندنی شورش و سەرکوتی هەموو خلکی ئێران لەلایەن جمهوری ئیسلامییەوە، و پاشانیش سیاسەتی پان ئیسلامیزم و یارمەتی بە گروهە ئیسلامییەکانی ناوچەکە لە لایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە، سەریانهەلدا. وە جمهوری ئیسلامی ئێرانیش مانەوەی خۆی بەست بە سەرکەوتنی ئەو سیاسەتەوە، و پرۆژەی بەئیسلامی کردنی ناوچەکە بوو بە گەورەترین پرۆژەی ئیسلامی ئێران دوای شەری عیراق و ئێران بەتایبەتی. . . جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ بێ هێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی خۆیی و سرینەوەی کێشەی سیاسی کوردستانی ئێران، پێوویستی بە ئیسلامی کردنی کوردستانی عیراق و بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان بوو. لەو بارەیەوە هەرکەس سیاسەت و هەولەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەزانێت. ئەوەی کە ئەم هەولانەی ڕژێمی جمهوری ئیسلامی ئێرانی بە ئەنجام گەیاند بەتایبەت بە دوای ئەنفال و کیمیاوی ناوچە سنوورییەکان و سەرگەردانی خەلك، وە لەلایەکی تریشەوە بێ هیوابوونی زیاتری خەلکی کوردستان لە پارتیە کوردیەکان بوو. هەر ئەوکاتانە بزووتنەی ئیسلامی کوردستان و تاقمی جند الله و گەشتی جند الله و هاوپەیمانانی ئیسلامی کە هەموویان نوکەر و جاشی جمهوری ئیسلامی بوون درووست بوون.

مێژووی بە حیزب بوونی مەلا کرێکار و مەلا عەلی عبدالعزیز و هەموو ئەو جانەوەرانە دەگەرێتەوە بۆ ئەوسەردەمانە. پێشووتریش کاتێ کە مەلا کرێکار لە کەراچی پاکستانەوە خەریکی زۆلیەتی و فریوکاری و تەبلیغی جیهادی ئیسلامی دژی لەشکری ڕووسیە و داگیر کردنی ئەفغانستان بوو. وە هەر ئەوکاتانەی کە ئەو لە شاری پەنابەری کەراچییەوە کاسێتی لە گەل دەنگی تەقە تایپ دەکرد بۆ فریوودانی خەلك، و بە قارەمانکردنی خۆی لە ئەفغانستاندا، نە هێشتا کاك حەمید کەشکۆلی خەریکی خوێندنی بالای قانوون بوو بۆ وەر گرتنی مەدرەکی ئاووقات. وە نە ١١ی سیپتامبەرێکش ڕوویدا بوو.

<u>جیاوازی ئیمه و خۆشحالی لایەنەکانی تر:</u> من بۆ خۆم نەك بە دەستگیرکردن و دادگایی، و روون بوونەوەی کاری مەلایەکی تیرۆرست خۆشحالم، بەلکو هەر لە بنەرەتوە بە بوون و ناوی ئەوان نەفرەتم دێت. ئیستاش کە مەلا کرێکار دەستگیر کراوە (لە رۆژی پێنج شەممە ١٢ ی سیپتامبەر و بلاو بوونەوەی هەوالەکەی لە ١٣ ی سیپتامبەردا) پێش هەموو شتێك لەوانەیە چەندانی وەك کەشکۆلی کە پییان نا خۆشە هاوولاتێکی خۆشەوویستیان کەوتووتە داوی کورو کۆمەلەی ئەورووپاوە، کە کاك حەمید کەشکۆلی پەنابەریانە و میوانی وولاتەکەیانە و کوردبوونی مەلا کرێکار و ئاشکرا بوونی تاوانەکانی مەلا کرێکار شەرەرمەزارییان بۆ دروووست دەکات. بەلام من بە مەیان خۆشحال دەبم کە هەموو دنیا لە تاوان و مرۆڤ کوژی و هەموو خراپەکارییەکانی ئیسلامییەکان ئاگاداربێت وەك من و منەکان نەفرەتیان لێبێت، و نەفرەت لەو کارە بۆگەنانە بکەن کە ئیسلامییەکان دەیکەن بەرامبەر بە خەلکی کوردستان. ئاخر خەلکی کوردستان کەی شایەنی ئەوەن بەدەست ئیسلامییەوە بنالێنن و باجی هۆشی دواکەووتوو، و یان باجی بەبەرە بوونی جیهان بدەن.

وە من و هەر مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز و کۆمۆنیست برواناکەم ئەوەندە سادە بیر و ئەوەندە سادە هۆش بین کە بۆ ترس لەوەی کە ئەو دادگانە مادام لە وولاتانی ئەورووپادا هەن و مادام کە دەولەتانی ئەورووپا بەرێوەی دەبات، ئیتر لایەنگربوونی ئیمپریالیستی و بەرەی ئیمپریالیستی بوون بکەوێتە ژیر پرسیار بۆمان. حەمید کەشکۆلی دەبێت تێبگات دادگای ئاواله وەك هەرشتێکی تر لە ئەورووپا وەك مافی مانگرتن، مافی ئازادی هەلسوورانی سیاسی، مافی رێکخراوبوون، وەك مافی سۆسیال و مافی ئەوەی مرۆڤ نابێت برسی بێت و سەرمای بێت، وەك مافی بازنشستە بوون، وەك مافی بیمە و نەخۆشی، و مافی مندال، و. . . دەسکەووتی خەباتی خەلکە و هەر لەم ئەورووپایە عارق و خوێنی چەندان هەزار کەسی بۆ رژاوە. چۆن مرۆڤ شەرم نایگرێت لە کۆمەلگایەکدا و لە گەل ملیۆن مرۆڤی ئەم گۆمەلکایەدا بژی، کەچی هەموو ئەو دەسکەوتانە بە پای ئیمپریالزم و کاپیتالیزم بنووسێت، لە هەمووی شەرمتر و شەرمەزارتر ئەوەیە کە ووشەی کوروکۆمەل کە مانای زاراوەییەکەی خەلك و خەلکی ئەورووپا دەگرێتەوە بکاتە راناو و پێشگری ووشەی ئیمپریالیستی و کاپیتالیستی ئەورووپا. وە رەنگە ئەو تەنها ئەو مرۆڤە چاوشینانەی کە بنەرەتیان ئەگەرێتەوە بۆ ڤیکینیەکان و ئارياييەکان بە خەلکی ئەورووپا بزانێت، جابرا ئەمەشیان ئاووقات بوونت نییە بۆ راسیستی ڤیکینیەکان و ئارياييەکانی ئەورووپا. لە هەمووی سەیر ترو سەمەرەتر ئەوەیە کە خەریکە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەکاتە شاهیدی ئەو دادگایەی کە ئەو خەریکە لوتفی ئاووقات بوونی دەکێشێت بۆ بەراسیست تاوانبارکردنی هەموو خەلکی ئەورووپا.

بۆ ئاگاداریتان تەنانەت مەلا خالیدی برای مەلا کرێکار ئاوا بێشەرمانە بەرگری لە مەلا کرێکاری برا و هاوسەنگەری ناکات. مەلا خالید ئەوەندە چاك دەزانێت کە ئەوەندە بەلگە هەیە لەسەر کرێکاری برای کە بە ئاسانی نەك لە دەستی خەلك، لە دادگاشدا رزگاری نەبێت، بۆیە ئەو دوای ئەوەی بەسەروشانی دیموکراتیدا هەلدەدات، ئەوەسا داوای عەدالەتی دادگاه دەکات بۆ براکەی، ئەو تەنانەت ئەوەندە شەرمەزارە بەرامبەر خەلکی کوردستان کە دەیەوێت ئازادبوونی لە رێگای دادگاوە بکات بە پسوولەی پاکردنەوەی تاوانەکانی لە بەرامبەر خەلکی کوردستاندا. شەرمیش لەوە دەکات کە داوای ئازاد بوونی بێ دادگایی برا و هاوسەنگەرەکەی بکات، بۆیە مەلا کرێکار ماوەیەکی زۆر پێش دەستکیر کردنی دوو پارێزەری هەبوو.

بەلام خۆ زۆر لایەنی تر هەن کە بە سیدارەدانی مەلا کرێکار رەزایەت نادەن و بۆیان بکرێت هەموو گەنەراشیۆنەکانی مەلاکرێکار نابووت دەکەن، بۆیان بکرێت لە دەستی دادگای وەردەگرن و تەسلیم بە سەرانی میللیتاریزمی ئەمریکای دەکەن، پرسیار ئەوەیە بۆ تیغی تۆ حەمید کەشکۆلی دەبێت بەرامبەر بە من و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی بێت. هەرچەندە وەلامەکەی روونە بۆمن، بەلام کە مرۆڤ دەنووسێت یان قسە دەکات باش نییە وەك ژووژك و سیمورخ ئاسا لە خۆیەوە درك فرێبدات. لە کاتێدا ئالتەرناتیڤی ئیمە زۆر مرۆڤیانەیە و بە قازانجی خەلکی کوردستانە. من باسی ئەوەم کردبوو سپاردنی بە سەرانی سەربازی ئەمریکا کە هەرێستاش هەوالەکان وارادەگەیەنن. بە سوودی خەلکی کوردستان نییە و هەموو هەوال و راستیەکان دەچێتە سندوقی ئارشیڤی ئەمریکاوە، و ئەوان سوودی لێدەبەن. بۆیە دادگای دەرگا

ئاواله باشترین ڕێگایه بۆ ڕسوا بوونی مەلا کرێکار و هەموو ئیسلامییەکانی کوردستان، وه ئەو خەلکانەی که ڕاستەو خۆ قوربانی ئیسلامییەکانن، مافی بڕیاری دادگایان هەبێت. وه نه سیداره سزایه و نه ئەشکەنجه، بەلکو گەورەترین سزا ڕسواکردنیانه و لابردنی دەستی تاوانیان بەسەر خەلکی کوردستانەوه. وه هەروەها له ڕووبەڕێکی فراوانیش دا هێزی پێشکەوتووخواز فرسەتی ئەوەی دەبێت له بەرامبەر تاوانەکانی ئیسلامییەکاندا پشتیوانی جیهانی ڕاکێشێت بۆ یارمەتی به پارێزگاری له ئازادی کۆمۆلگای کوردستان و کۆتایی هاتنی دەستی تاوانکاری ئیسلامییەکان به سەر خەلکەوه.

یان له هەمووی پوچ تر ئەوەیه خەریکه پاکانه بۆ ئیسلام و مەلا کرێکار دەکات بلێت: خۆ هەر ئەو و ئەوان دژی ژنان نین. کێ و چ لایەنێك و چ سستەمێك و چ دەولەتێك له دنیا ئەتوانێت به ئاشکرا کوشتن و سەرکوتی ژنان بکات به قانوون و شەریعەت و پۆلیس و مەلا و ژەندارم و زیندان و بەردبارانی بۆ دانێت، ئەگەر ئیسلامی نەبێت. کێ باشتر له ئیسلامییەکان هەتا ئیستا توانیویانه له هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا ژن سەرکوت بکەن به قانوون. . . تۆ ئاگاداریەکی لەو چەشنەت هەیه له بەشێك له ژیان و مێژووی مرۆڤایەتیدا. تا بۆمان باسبکەیت و ڕووی ئیسلامییەکان نیش به ئەندازەی چوار تالی موبارەکی ڕیشی مەلا کرێکار، سپی بکەیت.

<u>کێ قوربانی ئەم باسەیە:</u> زۆرن لەو نووسەره بەهۆشانەی که له دلسۆزیان بۆ کۆمۆنیستی کرێکاریی یان له دلسۆزیان بۆ بیروڕای پێشکەوتووخوازی، تیغی قەلەمەکەیان یان پیلی کۆمپیتەرەکەیان دەکەنه حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و ڕەخنەی لێدەگرن، به کەم ڕازی نین و زۆریان دەوێت به هەلەیەکی بچووك ڕەزایەت نادەن و کاری گەورەیان له حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەوێت. وه زۆریشن لەو نووسەرانەی که بۆ ناسراوو بوونیان له لای خەلك هێرش دەکەنه سەر کۆمۆنیست و سۆشیالیزم و پێوویستیان به وەلامی کەسان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەیه. من هەرگیز نەك نیگەران نەبووم بەبەشی یەکەمیان و بەلکو به مافی خۆشیانم زانیوه، و نووسراوەکانیشیان هەتا دواین دێڕ دەخوێنمەوه. بەلام بۆ ئەوانەی بەشی دووهەم نیگەرانی دام دەگرێت و بەزەیم پێیاندا دێتەوه و ناتوانم نووسینەکەیان تا تەواوبوون بخوێنمەوه. . . بەلام حەمید کەشکۆلی بڕوات بێت تۆ سەر به هیچ به شێێکیان نیت و ناتوانیت ببیت، خۆلی باسەکەت و نووسراوەکەت و پارێزگاریەکەت له مەلا کرێکار، ناچێته چاوی هیچ کەسێك و هەر دەبێت بیکەی بەسەری خۆتا. بۆ یه منیش وەلامم دایەوه دەزانم قوربانیت و مافیش بەخۆت ڕەوادەبینیت. وه ئەوەش بزانه سەر به هیچ بەشێك لەو نووسەرانه نیت. ئاخر سەربوون به هەردووی ئەو بەشه هۆش و هوشیاری دەوێت. منیش لەوه زیاتر تاقەتم نییه لەسەر باسەکەت بنووسم.

19 September 2002
Rezgar Shaiban

www.kurdistannet.org